# پشکۆ نەجمەدین:ئەو دەستوورەی بۆ هەرێمی کوردستان داڕێژراوە، بەلەبەرچاوگرتنی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی



دوای بڕیاردان لەسەردەستوری عێراق لیژنەیەك لەپەڕلەمانی کوردستان هەستان بەدانانی ڕەشنوسێك بۆدەستوری هەرێمی کوردستان ،دوای بلاّو کردنەوەی ئەوڕەشنوسە لەلایەن ڕۆشنبیران و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕەخنەو قسەی زۆری لەسەرکرا ، پەڕلەمانی کوردستان لەبڕیارێکدا ڕای گەیاند کەماوەی گفتوگۆکردن لەسەر ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان درێژدەکاتەوە تامانگی‌چواری‌دووهەزارو حەوت بۆقسەکردنی زیاتر لەسەررەشنوسی دەستور ڕۆژنامەی هاولاتی ئەم تەوەرەیەی سازکرد ، لەسەرەتای ئەم تەوەرەدا بەڕێز مامۆستاپشکۆ نەجمەدین (نوسەرو شاعیر بەم شێوە یە ولامی پرسیارەکانی داینەوە

ئا: ئاسۆ

**پ 1. لە ما مادەی (23) لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاند– عێراق و ئەنجومەنی خۆجێی و شارەوانیەکاندا ڕێژەیەک بۆ بەشداری ژنان تەرخان دەکرێت بە مەرجیک 25% کورسی یەکان کەمتر نەبیت ئایا ئەم خاڵە پێچەوانەی خاڵی ژمارە ( 21) نییە لە هەمان دەستوردا کە مافی یەکسان دەبەخشێت بە هەردوو رەگەزەکە؟**

پشکۆ نەجمەدین:دیارە مەسەلەی یەکسانی چ لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا و چ لە دەستووری ئێراقیشدا، لاسەنگە و چ دەقێکی یاسایی بێتەمومژ نابینین کە بە ڕۆشنی و بێئەوەی چەندین تەفسیری جیا هەڵبگرێت، ئەم مافی یەکسانییەی نێوان ژن و پیاوی سەلماندبێت و جەختی لەسەر کردبێت.
ئەوەی کە هەردوو مادەی 21 و 23 لەمەڕ پرسی یەکسانی، لەگەڵ یەکتر تەبانین و ناکۆک دێنەوە، شتێکی ئاشکرایە.
لە وڵاتی کوردستاندا، حکومەت، پەرلەمان، حیزب و زۆرینەی دامودەسگاکانی بەڕیوەبردنی کۆمەڵگە، پیاو بەڕێوەیان دەبات و دەستووریش دیارە کە پیاو دەینووسێتەوە.... بە کورتییەکەی لە وڵاتی پیاواندا، ژن ئەگەر لە یاسا و ڕێسای نووسراویشدا، کەچەمافێکی پێ ڕەوا بینرابێت، ئەوا لە واقیعدا لە پەراوێز نراوە. من، پێموایە ناشێ ژنانی کورد لەگەڵ یاسایەکدا هاودەنگ بن و دەنگی پێ بدەن کە مافەکانی ئەوانی لە هەموو بوارەکاندا بەرانبەر "پیاو"، بە ڕوونی چەخت نەکردبن.

پ2/ یەکێک لە ئیشکالییەتەکانی دەستوری هەرێم نووسینی ئەم دەستورەیە بە زمانی بێگانە کە ئەمەش ڕوبەروی ڕەخنەی زۆر بۆتەوە لە لایەن ناوەندی سیاسی و رۆشنبیرییەوە ئایا نەدەکرا ئەو رستەو زاراوانەی لە زمانی کوردیدا موورادیفیان نییە بە ئینگلیزی یان عەرەبی لە نیوان کەوانەیەکدا بنوسرانایەتەوە ؟ بۆ ووینە هیچ نەتەوەیەک نییە لە دونیادا بە زمانی بیگانە دەستورەکەی بنوسێتەوە نە کۆسۆڤییەکان بە زمانی سربی و نە فەلەستینییەکان بە زمانی عیبری و نە لیتوانییەکان بە زمانی رووسی دەستوری خۆیان نەنوسیوەتەوە ئیدی بۆچی دەبیت ئیمە دەستور بە زمانی عەرەبی بنووسینەوە ؟ ئایا ئەمە بیتوانای زمانی کوردی نیشان دەدات یان گرێدانەوەی کوردستان بە نیشتمانی عەرەبی یەوە ؟
پشکۆ نەجمەدین: ئەوەی کە دەستووری هەرێم بە زمانی عەرەبی نووسراوە و پاشان بە سەقەتترین شێوە کراوتە کوردییەکی شپرێو و بێتام، سووکایێتییەکی بێوێنەیە بە زمان، ڕۆشنبیری و کەلتووری میللەتی ئێمە.
ئەوی پێی وایە زمانی کوردی دەرۆستی داڕشتنی تێرم و چەمک و تێکستی یاسا و ڕیساکان نایەت، دەبێت خۆی کوردینەزان و نەخوێندەوارێکی "فاشیل" بێت. ڕەنگە کورد تەنیا میللەتێک بێت کە یەکەم دەستووری خۆنووسی خۆی بە زمانی نەتەوەیەکی دیکە نووسیبێتەوە!. لە دنیای زانستی زمان و تێرمۆلۆژیی ئەوڕۆدا، گەلەک چەمک و تێرمی فرەئاقار و ڕەهەند

هەن کە جیهانی بوونەتەوە و موڵکی تایبەتی هیچ نەتەوەیەک نین، دەکرا لە کاتی پێویست و زمانکورتیدا پەنا بۆ ئەو چەمکانە ببرابا!.
نەبوونی بەرپرسیارێتی لەهەمبەر زمان، دیاردەیەکی بڵاوی نێو دنیای نووسین و مێدیای کوردییە. لە کوردستاندا، حیزبم پێ شک دێت، ناتوانێت بە درووستی ناوی خۆی لە ڕۆژنامەکەیدا بنووسێت. ڕووخساری "تی ڤی"ی حیزبەکان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، تابلۆی فرگە و خوێندنگە و شوێنە گشتییەکان، وێرانیی زمانی کوردیمان لە باشووردا نشان دەدەن. هەر دەسەڵاتێکی سیاسی لە ئاست زمانی نەتەوەکەیدا خەمسارد بێت، دەسەڵاتێکی بچووکە و گرنگی و بایەخی زمانی نووسینەوەی دەستووریش درک ناکات!.
بەکوردی نەنووسینی دەستوور، دەشێت خۆبەکەمزانین و پاشکۆییمان بۆ ئەوی دی "براگەورە"مان بە گوێدا بچرپێنێت!.

پ3/ لە رەشنوسی دەستوردا چەندین ناوو ئاوەڵناو بەکارهێنراون ناوی هەرە سەرەکی ( کوردستان– عیراق ) ە تەنیا ناوی کوردستان بە ڕووتی بەکار نەهێنراوە ئایا نەدەکرا کوردستانی باشور یان کوردستان بە تەنیا بۆ کوردستان بەکار بهێنرایە تا ئەوەی عیراق بەردەوام نەبێتە پاشگری ناوی کوردستان؟ چون لە هیچ ناوچەیەکی جیهاندا ئەم ناوە لیکدراوارنە بەکار نەهینراوە بونمونەلە ئێران ئوستانی کوردستان بە کار هاتووە نەک کوردستانی ئیران ئایا بۆچی دەبیت بەردەوام پاشگری عیراق بە دووای ناوی باشوری کوردستانەوە بێت هۆکەی رەچاو کردنی دۆخە یان خۆ بە عیراقی زانین؟

پشکۆ نەجمەدین: ناو و ئاوەڵناو لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا، کێشەیەکی سیاسیی / یاساییە نەک مەسەلەیەکی زمانەوانی!.
لە ئێراقی "هیوا و ئاشتی"دا هەموو شتەکان بە "تەوافق" و ڕێکەوتنن.
ساتێ سەرکردایێتیی سیاسیی کورد، بڕیاری دا ببێتە فاکتەرێکی بزێو لە درووستکردنەوەی قەوارەی ساسیی داڕووخاوی دەوڵەتی ئێراق و سیستەمی فیدراڵیی وەکو ڕێگاچارەی کێشەی کورد لە ئێراقدا پەسەند کرد و میللەتێکی مێگەل ئاسا بۆ دەنگدان بە دەستوورێک ڕادا، کە لەوێدا جارێ چارەنووسی کێشەی کورد نادیار و ئێستاشی لەگەڵدا بێت چارەنووسێکی ڕووناک نابینرێت، ئیدی ناکرێت تۆ بەشێک نەبیت لە گەلی ئێراق و خاکەکەشت بەشێک لەو وڵاتەی پێی دەڵێن "ئێراقی فیدراڵ!".
لە سیاسەتدا، ساتێک شتە گەورەکان دەدۆڕێنیت، ئیدی ناو و ئاوەڵنا و ئاماژەکان لەمێژە دۆڕاون. هەموو حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش دەڵێن" کوردستانی ئێران!. "ئوستانی کوردستان"، تەنیا سنووری جوگرافیای پارێزگای سنە دەگرێتەوە. ئەمە ناوێکە بۆ ئەو پارێزگایە و لە کۆنەوە هەیە.

پ4/ هەموو فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیاکانی جیهان و تیۆرزان و باسکرانی پسپۆر لە بواری نەتەوە ناسیدا لە شۆرشی فەرەنساوە ( 1789 ) هەتا هەنوکە لەسەر پیناسەی گشتی نەتەوە کۆکن کە نەتەوە بە کۆمەلە خەلکانێیک دەوتری خاوەنی زمان و میژوو و خاک و کلتورو ئایینی هاوبەش بن پرسیاریک لیرەدا دیتە پیشەوە کە لە یەکیک لە ماددەکانی دەستوردا هاتووە کە دەڵێت گەلی کوردستان پیکهاتووە لە کورد و نەتەوەکانی تورکمان و کلدان و ئاشورو ئەرمەن و عەرەب پرسیارەکە بە دیاری کراوی ئەوەیە بە کارهینانی ئەو کەمە نەتەوانە بە نەتەوە کیشەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ ئیستاو داهاتووی کوردستان ناخولقینیت ؟

پشکۆ نەجمەدین:چەمک و پێناسەی نەتەوە لە فۆرم و نێوەڕۆکە گشتییەکەیدا، ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی تێزەکانی پۆستمۆدێرنێتەدا نەیخوێنینەوە، جۆرێک لە ڕێککەوتنیان لەسەرە و کەمتر مشتومڕ هەڵدەگرن. بەکارنەبردنی دیقەت و وردبینی لە داڕشتن و ناساندنی تێرم و چەمکەکاندا (گەل، نەتەوە) دەشێت هەم ئێستا و هەم لە ئاییندەدا، کێشە و سەرئێشەیان لێ بکەونەوە. تورکمان، کەلدانەکان و ئاشوورییەکان خەسڵەتەکانی نەتەوەیان تێدا نین. ئەم ناساندنانەی لەدەستووری هەرێمدا بۆ ئەم کەمینە ئیتنکیانە کراوە، چەوت و بێناوەڕۆکە. دەستوور، دەشێت مامەڵە لەگەڵ هەر گروپ و کۆمەڵ و تاکێکدا، لەسەر بنچینەی یەکسانی لە ئەرک و مافدا و بێ هیچ هەڵاواردنێکی ئیتنیکی و ئایینی بکات و هەموو مافە ئینسانییەکانیان بۆ دابین بکات. واوەتریش لە کۆمەڵگایەکی مەددەنی و دیموکراتدا، دەبێت مافی گروپە بچووک و لاوازەکان بپارێزرێت و هەمان دەرفەتی پێشکەوتن و گەشەکردنیان بۆ بڕەخسێنرێت، بەڵام بەهەڵە ناساندنیان دەرئەنجامی سیاسیی خراپی لێ دەکەوێتەوە.

پ5\ زۆرێک لەیاساناس و پسپۆرانی بواری دەستور جەخت لەسەر ئەوە دەکەن سیمای سەرەکیئەم دەستورە سیمایەکی ئیسلامیە بەوپێیەی لەماددەی حەوتدا ئاینی ئیسلام کراوەتە ستراکتۆری نوسینەوەی دەستور ،وەلیَ هەمو بنە ماکان نییە بەلام بنەمایەکی کاریگەرە لەدارشتنی دەستوردا ، پرسیارەکە لەویَوە دەست پیَدەکات گەمارۆدانی دەستور بەبنەما ئاینیەکانی ئیسلام بەتاڵکردنەوەی خودی سکۆلاریزم نییە کە لەسەر جیاکردنەوەی دین و دەسەلات راوەستاوە ؟ لەلایەکی تر ئەگەرشەریعەتی ئیسلام رۆڵی کارا لەنوسینەوەی دەستوردا بگێریَ خۆی لەخۆیدا هەرەشە نیە بۆسەر مافی ئەوانی تری غەیرە موسوڵمان ؟ ئاخۆدەستورێک کەئیسلام ئیحای خۆی پێدابێت چەند دەتوانێ مافی پەیروانی ئاینەکانی ترو بیَئاینەکان بپارێزێت ؟

پشکۆ نەجمەدین:ئەو دەستوورەی بۆ هەرێمی کوردستان دارێژراوە، بەلەبەرچاوگرتنی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی و بەرژەوەندیی گروپ و هێزە ئیسلامییەکانی نووسراوە. ئەمە هاوشێوەی دەستوورەکانی دەولەتانی ئیسلامیی نێوچەکەیە ، سەروکاری لەگەڵ سیکولاریزم و عەلمانیبووندا نییە و لە هیچ پێگەیەکی بنچینەییدا پێک ناگەنەوە.

دەوڵەت یان هەر دامەزراوەیەکی سیاسی کە جیگای دەوڵەت دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی میکانیزمی کارکردنی دامودەسگاکانی لە پرۆسەیەکی دیموکراسیانەدا هەڵبسوورێت، پێویستی بە ئایین نییە. دەوڵەت کە ئایینێکی تایبەتی لە خۆ گرت، ئیدی ناتوانێت دەوڵەتی ئەو گرووپ و کەسانە بێت کە ئایین و ئایینزای دیکەیان هەیە، یاخود هیچ ئایینێکیان نییە. لە دەوڵەتی ئاییندارادا، هەرگیز کۆمەڵگە پرۆسەی بەکۆمەڵگەبوونی خۆی بە ئاقارێکی درووسدا تێ ناپەڕێنێت و لەوێدا کۆمەڵگەیەکی ئاسایی هۆمۆجین درووست نابیت. لە دەوڵەتی ناسیکولاردا، هەمیشە مافی گرووپە ئیتنیکی و ئاینییە لاواز و بچووکەکان بنپێ دەخرێت.

ئەو حیزب و گرووپە باڵادەستانەی رۆڵیان لە نووسینەوەی دەستووردا هەبووە، خوێنی سەلەفییەت و ئیسلامیزم لە دەماری عەلمانیبوونیاندا دەگەڕێ.